

وەرگێڕانی بە داوا و تەکلیف

ئازاد عەبدولواحید

* ئەمڕۆکە زۆر دیاردەی کرێت و ناجۆر لەناو بزاڤی وەرگێڕاندا بەرچاو دەکەون، تا کارێکی جوان و سەرنجڕاکێش و دڵخۆشکەرە دەخوێنینەوە، ڕێکەوتی چەندان بەرهەمی وەرگێڕاوی سەقەت و شێواو دەکەین، ئەوەی لێرەدا لەسەری دەوەستین، دیاردەیەکی خەراپ و نەرێنی کایەی وەرگێڕانی لای خۆمانە.

* وەرگێڕان، کە هەندێ بە هونەر و هەندێ بە زانست و هەندێکی دی بە هونەر و زانستی دادەنێن، پێویستییەکی شارستانی و گرنگی هەموو سەردەم و قۆناغەکان بووە، کە دەڵێین «وەرگێڕان» گرنگ و پێویستە، ئەوە بەو مانایە نایەت هەر کەسێ بێت، تەنانەت ئەگەر هەلومەرجی وەرگێڕێکی باشیشی تێدا نەبوو، خۆی پێوە شۆڕ بکاتەوە.

* ئێستا لە دنیای وەرگێڕاندا، زۆر کەس هەن دەکەونە وێزەی وەرگێڕانی کتێبێک، بابەتێک، بەبێ ئەوەی خەسڵەتی «وەرگێڕ»ێکی جیاهەڵکەوتووی تێدا بێ، کەچی ئەوانە خۆیان بە وەرگێڕی پلە یەک لە قەڵەم دەدەن، زۆر بە بوێرییەوە دەست دەدەنە هەر کتێبێکی بیانەوێ و بەبێ سڵەمینەوە وەری دەگێڕن، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ پسپۆڕی و ئاستی ڕۆشنبیری و چێژی خۆشیان نەگونجێ.

* وەرگێڕی باش، دوای ئەوەی هەلومەرجی وەرگێڕێکی کارامە و لێهاتووی تێدا بەدی کراو بەسەر هەردوو زمانەکەدا زاڵ بوو، ئەوجا دەبێ خوێنەرێکی باش و ڕۆشنبیرێکی جددی و گەورە بێ، تا لەپاش خوێندنەوەی دەیان و دەیان کتێب و بابەت، دەست بۆ وەرگێڕانی یەکێکیان درێژ بکات، کە لە دوای خوێندنەوەی پێی سەرسام بووە، واتە لەپڕ بەسەر بابەتێک، کتێبێکدا نەکەوتووە وەری بگێڕێ، بۆیە هەرگیز ناچێتە عەقڵمەوە کەسێک وەرگێڕێکی باش بێ، دەزگایەک، کتێبخانەیەک، کەسێک بەرانبەر پاداشتێک ئەرکی وەرگێڕانی کتێبێکی پێ بسپێرێ، ئەویش قۆڵی لێ هەڵکاو بە ناچاری ئەرکی وەرگێڕانەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی، واتە وەرگێڕی چاک وەرگێڕی (تحت الطلب) نییە، هەر کەسێ هات و داوای لێکرد کارێکی بۆ وەربگێڕێ، ئەویش یەکسەر بچێتە ژێر باری داواکەیەوە.

* زۆربەی جار ئەو جۆرە وەرگێڕانانە جەڵەبی دەردەچن، لەوانەیە نەک هەر لەگەڵ چێژ و میزاجی وەرگێڕەکە یەک نەگرنەوە، بگرە بۆی هەیە لەگەڵ بیروبۆچوون و قەناعەتی فیکریی وەرگێڕەکەش نەیەنەوە، بۆیە ئەو جۆرە وەرگێڕانانە هەر لە سەرەتاوە سەرکەوتن لە چارەیان نانووسرێ و ناتوانرێ خزمەتی کتێبخانەی کوردییان پێ بکرێ، هەربۆیە نەبوونیان، لە بوونیان باشترە.